# نابێ (ڕیفراندۆم) بکرێ به دروشمێك له پێناو بەرژەوەندی پارتایەتی تەسك، بەڵكو ئامانجێكە و دەبێ خەبات بۆی بکرێ

هشام ئاكرەیی

مێژووی خەباتی سیاسی و پارتایەتی لە باشووری کوردستاندا، چەندین پارتی سیاسی کوردستانی و عیراقی بەخۆیەوە هەڵگرتووە کە باوەڕیان بە مافی چارەی خۆنووسینیان هەبووە، بۆ گەلی باشووری کوردستان. زۆربەی هەرە زۆری ئەو پارتانە دەڵێن گەلی باشووری کوردستان مافی هەیە چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات.

ژمارەیەک لە پارتە چەپ و کۆکۆنیستەکان ئەو مافەیان بە یەکگرتنی ئارەزوومەندانە (الاتحاد الاختیاری) لە گەڵ عێراقیان دەدیت. ژمارەیەکی تر لەو پارتانە بە تایبەت ئەوانەی چالاکی سیاسیان زیاتر لە باشووری کوردستانیان هەبوو، دەیان وت، گەلی باشووری کوردستان ئازادە لە عێراق جیاببێتەوە و دەوڵەتی نیشتیمانی خۆی ڕابگەیەنێت.

لە دوای ساڵی 1991 بارودووخی سیاسی و ئیداری لە باشووری کوردستان گۆڕران و هەرێمێکی فراوانی ناوچە کوردنشینەکان، لە ژێر دەسەڵاتی سەددام ئازادکران و وەک هەرێمێکی سەربەخۆ پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکەو و جیهانەوە، دەکرد. هەنگاوی سیاسی چاوەڕوانکراوی دوای ئەوە، ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ و وەرگرتنی (ئیعتراف) ی وڵاتان بۆ بەو دەوڵەتە.

ئەم ڕەوشە نوێیەی باشووری کوردستان و هەستی نەتەوەیی بەرزی گەلی باشووری کوردستان، وای کرد کە جەندین پارتی نەتەوەیی ڕەوتی سیاسی خۆیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە بۆ باوەشی کوردایەتی و دایکی نیشتمان و کوردستانی بوونی خۆیان ڕابگەیەنن. ئەم بارودووخە تازەیە، نەک تەنیا کاری کردە سەر پارتە نەتەوەیی‌یەکان، بەڵکو چەندین پارت و ڕێکخراوەی چەپ و کۆمۆنیستیش، بەرنامەو پەیڕەوی خۆیان گۆڕی. ئەوەبۆ پارتی سەربەخۆی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و چەندین پارتی تر بەناوەی ترەوە دروستکران، وەک دانپیانانێک بەو گۆڕانکاریانە.

بارودووخەکە تەنیا کاری نەکردە سەر پارتە نەتەوەیی‌یەکان و چەپ و کۆمۆنیستە (موعتەدل) ەکان بەڵکو ڕادیکالەکانیشی گرتەوە. <u>حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە بە چنگ و ددانەوە بەرگری لە یەکێتی خاکی عێراقی دەکرد، بەرنامەی گۆڕی و بۆ بە یەگێ لەو پارتانەی لەگەڵ جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە عێراق، ئەگەر کەلی کورد بڕیار لە سەری بدات. بۆ ئەو مەبەستە (ح. ک. ک) دروشمی ڕیفراندۆمیان بەرزکردبوەوە.</u>

ئیستا باشووری کوردستان لە بەردەم دووڕیانێکە، یان بەردەوام بوون لە سەر کوردستانی بوون و ڕۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی (بە چندین شێوە) ، یانیش گەڕانەوە بۆ عێراق. ژمارەیەک لەو پارتانەی بازرگانیان بە کوردستانی بوون دەکرد و تەنیا لەو دە ساڵە، لەگەڵ سەربەخۆیی باشووری کوردستان بوون، خەریکە دەگەڕێنەوە بۆ باوشی عێراقی عەرەبی و لە نێوان چەند ڕۆژێکدا عێراقی ترن لە عەرەب. ژمارەیەکی تر لەو پارتانە خۆیان تەرخانکردوە بۆ دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد و لە جیاتی سەددام دژ بە گەڕانەوەی کورد بۆ شاری کەرکووک، ڕاوەستاون و دەڵێن ئەوە بەکوردکردنی شارە. واتە ئیستا ئاشکرا دەبێت، کام پارت بە تەواوەتی کوردستانی و نەتەوەیی و نیشتمان پەروەر و چەپی کوردستانی و کۆمۆنیستی تەواو و دیموکراتە.

هەڵبەتە لە ژێر دەسەڵاتی حوکمەتێکی دکتاتووری و لاوازی سەربازی پارتەکوردستانیەکان و نەبوونی پشتگیری ئەمریکا و ئەوروپا، بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم مومکن نیە لە هەر جێگایەک، نەک تەنیا لە

کوردستان. ئەگەر بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم لە بارودووخێکی ئاواییدا مومکن نەبێت ئەو جێبەجێکردنی زەحمەتترە. ئەم ڕاستیە شاراوەنیە لای هەموو پارتەسیاسیەکان، هەربۆیەش دەبینین هەندێ پارتی سیاسی باس لە ڕیفراندۆم ناکەن و نەیانکردوە. ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەو پارتانە باوەڕیان بە ڕیفراندۆم نیە، بەڵکو ئەوان پێیان وایە هێشتا کاتی دروستکردنی دەوڵەتی باشووری کوردستان نەهاتووە.

ئەگەر تاوەکوو بەر لە ڕۆخانی سەددام و هاتنی لەشکری ئەمریکا بۆ عێراق، کاتی ڕیفراندۆم نەهاتبێت، ئەوە لە دوای هاتنی ئەو هێزە و لابردنی سەددام لە سەر دەسەڵات، باشترین کات و دەلیڤە هاتووە بۆ داواکردنی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان. چونکە مەترسی هێرشی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر باشووری کوردستان نەماوە و دیموکراسی ڕۆژئاوایی یەکێکە لە پرنسیپە هەرە گرنکەکانی عێراقی داهاتوو. لە وانەیە نارەزایی و هەڕەشە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بکرێن، و لەوانەیە ئەمریکا ڕازی نەبێت لە سەر ئەم ڕیفراندوومە و ببێتە جێگای نیگەرانی پارتەکانی عەرەبستانی عێراق، بەڵام ئەو ڕیفراندۆمە هێزێکی گەورە دەداتە پارتە کوردستانیەکان و دتوانن بەو داواکاریە عێراقێکی فێدراڵی دروست بکەن تیایدا باشووری کوردستان وەک وڵاتێکی فێدڕاڵ بە عێراقەوە بەستراو بێت، نەک وەک هەرێمێکی فێدراڵ. ولاتێک خاوەن دستوورییێکی سەربەخۆ و سەرۆک کۆمار و سنوورێکی دیاریکراو و هەموو دامودەزگای دەوڵەت نەک هەرێم. واتە داواکردن و بەرێوەبردنی ڕیفرادۆم، تەنیا سوودی هەیە بۆ کێشەی باشووری کوردستان نەک زیان.

چوون لە ساڵی 1992 دروشمی ئوتوونومی کۆڕرا بە فێدڕالیزم، ئیستاش کاتی ئەوە هاتووە، دروشمی ڕیفراندۆم بەرزبکرێتەوە. زۆر پارت و ڕێکخراو و کەسان پێیان وایە ڕیفراندۆم تەنیا ئەگەر توانای جێبەجێکردنی هەبێت، ئەو کاتە دەبێ بکرێ بەدروشم و داواکاریەکی گشتی.

بەشێوەیەکی گشتی، بۆ دیارکردنی چارەنووسی گەلێکی بندەست، ڕیفراندۆم بەسێ قوناغدا تێدەپەرێت:

1) داواکردنی ڕیفراندۆم و بەرزکردنەوەی وەک دروشم. باشترین بارودووخ بۆ داواکردنی ڕیفراندۆم کاتێ هەلومەرجە ناوخۆیەکانی ئەو گەلە، بۆ بەرێوەبردنی ئەو ڕێفراندوومە بە شێوەیەکی ئازاد، لەبار بن. وەک لاواز بوونی دەسەڵاتی مەرکەزی بەسەر ئەو گەلەدا وەک بارودووخی ئێستای باشووری کوردستان.

2) بەرێوەبردنی ڕیفراندۆم. جگە لە بارودووخی ناوخی گونجاو و مەترسی هێرشی وڵات یان وڵاتانی داگیرکەر، دەبێ گەرەنتیەکی نێونەتەوەیی هەبێت بۆ بەرێوەبردنی ئەو ڕیفراندۆمە. وەک نەتەوە یەکگرتوەکان یان ئەمریکا و ئەوروپا. لە حاڵەتی باشووری کوردستاندا، ئەگەر زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆشەنبیریەکان و میدیای کوردستانی، بە شێوەیەکی چالاک ئەم دروشمە بەرزبکەنەوە و خەباتی بۆی بکەن، لەوانەیە بتوانن ڕەزامەندی نەتەویەکگرتوەکان و ئەمریکا وئەورپا یان هەر هیچ نەبێ یەکێ لەو هێزانە لە داهاتوویەکی نزیکدا، وەرگرن.

3) جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم. لەم قۆناغەدا کە دواترین و زەحمەتترین قوناغی ڕیفراندۆمە، چەندین فاکتەر ڕۆڵی خۆیان دەگێرن. لە هەموان گرنگتر پشتگیری نێونەتەوەیی و ڕەزامەندی وڵاتی داگیرکەر بە پلەی یەکەم و وڵاتانی ناوچە بەپلەی دووەم.

لە سەر ئەم بنەمایانە لە باشووری کوردستان دەتوانین، هەردوو قۆناغی یەکەم تا ڕادەیەک دووەمیش، بەرێوەببرێن. واتە دەسەڵاتداران و گەل و پارتەکانی تری باشووری کوردستان، بەبێ ترس دەتوانن دروشمی ڕیفراندۆم بەرزکەنەوە و هەوڵ بدەن بەرێوەی بەرن. بۆ دوو قۆناغی پرۆسەی ڕیفراندۆم، دەکەینە قوربانی قۆناغی سێیەم؟ ڕەدکردنەوەی ڕیفراندۆم تەنیا لەبەر ئەوەی گومان لە جێبەجێکردنیدا هەیە، هەڵەیەکی مێژوویە. ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم ئەگەر جێبەجێش نەکرێ، دەبێتە هێزێکی یاسایی

وشەرعی بەرەو سەربەخۆیی. ئەگەر تاوەکوو ئەمڕۆ دەستکاری پەرلەمانی باشووری کوردستان نەکرابێت، سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاد لە 11 ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی، لەبەر ئەوەیە کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە. لە سەحرای غەربی (مەغریب) هێشتا ڕیفراندۆم لە قوناغی دووەمدایە.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لە گەڵ ئازادی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان و لە گەڵ دروستکردنی کۆماری باشووری کوردستاندا (چ بە شێوەی فێدراڵ لە گەڵ عێراق یان سەربەخۆ) لەبارترین بارودووخیان لە پێشە بۆ داواکردنی ئەو سەربەخۆیە لە ڕیفراندۆمێکدا. ئەو پارتانەی تاوەکوو دوێنی دروشمی ڕیفراندۆمیان بەرزکردبوەوە و ئەمڕۆ پێدەنگن و چالاکی نانوێنن، بارزگانیان بە ڕیفراندۆمیان دەکرد و دەکەن و فێڵبازی سیاسین.

هەر پارتێک و ڕێکخراوێکی کوردستان خۆی بە نیشتیمان پەروەر و دیموکرات و چەپ و کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز و موسڵمانی نەتەوەیی دابنێت، دەبێ لە گەڵ ڕیفراندۆمدا بێت و چالاکانە خەبات بۆی بکات.

ڕیفراندۆم بیرۆکەیەکە، هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و گەلی کوردستان، دەتوانن لە دەوری کۆببنەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.